# پسپۆڕێکی ژینگە: دەبێت وەکو سەرچاوەی داهات و وزە چاو لە زبڵ بکرێت

دوێنێ کاژێر 11:00

پەیمان محەممەد (https://www.rudaw.net/sorani/authors/payman-muhamad)

بەشی بکە لە

زیادی بکە بۆ لیستی دڵخوازەکانم



چەند تەنەکەیەکی زبڵ لە بەردەم چەند ماڵێک لە گەڕەکێکی هەولێر. وێنە: بڵند تاهیر - ڕووداو

## زۆرتر لە کوردستان

وەزیری ئەوقاف لە ئیمارات؛ 'پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان جێگەی بایەخی جیهانە' (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202324)

وردەکاریی دۆزینەوەی تەرمی ئەیوب دوای 13 رۆژ لە دیارنەمانی (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202322)

رێپێوانی هەدەپە بەرەو ئیمراڵی دەستپێدەکات (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202321)

هەپەگە و تورکیا ئاماری شەڕ لە باکووری کوردستان رادەگەیێنن (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202320)

-A +A

روداو دیجیتاڵ

**پسپۆڕێکی ژینگە و ئاو دەڵێت، دانانی کارگەی ریسایکلین لە شارەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە و دەبێت وەکو سەرچاوەی داهات و وزە چاو لە زبڵ بکرێت.**

رۆژی شەممە، 04-02-2023، د. مەسعود حوسێن، پسپۆڕی ژینگە و ئاو میوانی بووڵتەنی نووڕۆژی تۆڕی میدیایی رووداو بوو کە جەعفەر موبەشیرنیا و هەوراز گوڵپی پێشکێشی دەکەن و تێیدا کاریگەرییەکانی زبڵ لەسەر ژینگە تاوتوێکرا.

د. مەسعود حوسێن دانانی کارگەی ریسایکلین بۆ کەڵک وەرگرتن لە زبڵ بە گرنگ دەزانێت و پێیوایە دەکرێت وەکو سەرچاوەی داهات و وزە کەڵک لە زبڵ وەربگیرێت و دەشڵێت، دەبێت کەرتی تایبەت لەم بەشەدا وەبەرهێنانی زیاتر بکات.

لە شاری هەولێر هەندێک لە زبڵەکە دەسووتێندرێت و هەندێکی دیکەش دەخرێتە ژێرخاک. بە بڕوای ئەو پسپۆڕەی ژینگە و ئاو، "ئەوە چارەسەر نییە و ئەگەر لایەنە ئابوورییەکەی لەبەرچاو بگرین، پارەیەکی زۆر بەفیڕۆ دەدرێت و فڕێدانی زبڵ دەبێتە هۆی زیادبوونی بەکتریا و دەرچوونی چەند مادەیەکی مەترسیدار کە هۆکارن بۆ تووشبوون بە نەخۆشی".

زبڵی شاری هەولێر لە زبڵخانەی کانی قرژاڵە کۆدەکرێتەوە و لەو شوێنە دەسووتێنرێت، کۆمەڵگەی کانی قرژاڵەش نزیکەی دوو کیلۆمەتر لە زبڵخانەکەوە دوورە. د. مەسعود حوسێن پێیوایە هەڵکەوتەی زبڵخانەی کانی قرژاڵە کاریگەری باشی هەیە، بۆ نموونە: "دەکەوێتە خوارووی جووڵەی با و دووکەڵ ناگەڕێتەوە بۆ شاری هەولێر؛ هەروەها جووڵەی ئاوی ژێرزەوی لە هەولێر، لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو باشوورە و کانی قرژاڵەش دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای ئەم شارە، بۆیە تەنیا کاریگەری لەسەر ئاوی خوارووی خۆی هەیە."

بەڵام زبڵخانەکە بێ کاریگەری نییە و ئەو پسپۆڕە دەڵێت: "بە توێژینەوە سەلماندوومانە زبڵخانەی کانی قرژاڵە کاریگەری لەسەر بیری چوار دەوری خۆی هەیە و پیسی دەکات."

لە شاری هەولێر هەر تاکێک بە شێوەی تێکڕا رۆژانە 800 گرام بۆ سەرووی یەک کیلۆگرام زبڵ بەرهەم دەهێنێت. ئەو پسپۆڕەی ژینگە و ئاو باسی لەوە کرد، دەبێت لانیکەم نیوەی زبڵی هەرێمی کوردستان ریسایکڵ بکرێتەوە و کەڵکی لێوەرگیرێت.

مەسعود حوسێن دەڵێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیسبوونی ژینگە دەبێ هەوڵی دابینکردنی چاڵی زبڵی زانستی بدات و هەروەها بۆ بنیادنانی زیاتری کارگەی ریسایکلین، کەرتی تایبەت هان بدات.

بەپێی ستاندەردی جیهانیی سەوزایی، دەبێ زیاتر لە 25٪ـی ئەم شارە سەوزایی بێت و مەسعود حوسێن ئاماژەیدا "لە هەولێر 11٪ تاوەکو 13٪ سەوزایی بەدی دەکرێت و دەبێ پەرەی پێبدرێت".

**بەشی بکە لە**

## کۆمێنتەکان

وەک میوان کۆمێنتێك بنووسە یان وەرە ژوورەوە و هەموو خزمەتگوزارییەکان بەکاربێنە

**کۆمێنتێک دابنێ**

ناوی تەواو

ئیمەیل

کۆمێنت

پشتڕاستی بکەوە


## ئەمانەش ببینە




(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202319)

**پۆلیسی فیدراڵیی عێراق لە سلێمان بەگ 10 پێشمەرگە دەستگیر دەکات (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202319)**

## دوایین هەواڵەکان





(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202318)

**دوای فیچەرێکی ڕووداو، پارێزگاری دهۆک پێشوازی لە مام حازم دەکات**
**(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202318)**



(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202316)

**ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی: هەندێک لایەن دژی ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانن (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202316)**





(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202317)

**کەشناسێک: لەگەڵ بارانبارین شەپۆلێکی خۆڵبارین روو لە هەرێمی کوردستان دەکات**
**(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202317)**





(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202315)

**بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە کەمپی چەمشکۆ دوو برا سووتان و گیانیان لەدەستدا**
**(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202315)**



(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202313)

**ڕۆژنامەڤانێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە 15 مانگ بەندکردن سزادرا (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202313)**





(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202314)

**تەرمی مێرمنداڵەکەی هەولێر دۆزرایەوە (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202314)**





(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202312)


**ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی: تاوەکو پارتی لەسەر هەڵوێستەکانی پێداگر بێت، ئامادەی کۆبوونەوە نابین (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202312)**





(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202311)

**وەزارەتی دارایی وادەی دابەشکردنی مووچەی سەرجەم وەزارەتەکانی راگەیاند (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0502202311)**





(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/050220238)

**وردبينیی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە دەستپێدەکات (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/050220238)**

## هەواڵ دەخەینە گیرفانتانەوە

ئەپڵیکەیشنی ڕووداو دابەزێنە

Download on the App Store
(https://itunes.apple.com/us/app/rudaw/id630574728?mt=8)

GET IT ON Google Play
(https://play.google.com/store/apps/details?id=com.borninteractive.rudaw)



© مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ ڕووداو 2023